# ڤیستیڤالی قازی محەمەد لەهەولێر:
# هەلکۆلینی خورافەی قەومی و نەتەوەپەرستی!

نوسینی: ئیرەجی فەرزاد

وەرگێرانی لەفارسی‌یەوە: محمد غفور

لەڤیستفالیکدا کەبەناوی ڤیستفالی قازی محمد لەشاری هەولیر، لەکوردستانی عیراق سازدرا، ژمارەیەك لە"پرۆفیسۆر"ی کوردناس و بەلگەنامەدارانیکی" کورد" لەدەرەوە و ناوەوە، لەوانەش راویژکاری فەرهەنگی جمهوری ئیسلامی ئیران لەئەنیستیتۆی فەرهەنگی کورد لەتاران، بەهرامی ولید بیگی بەشدارییان تیداکرد.

لەم ڤیستیڤالەدا هەولّ وزەحمەتی بێ وچانی دکتۆر عباس ولی لەپیناوی کۆکردنەوەی پاشماوە وئاسەوارەکانی پەیوەست بەسەردەمی 11مانگەی دەولەتی جمهوری مەهاباد ولەوانەش کۆکردنەوەی 63 ژمارەی رۆژنامەی کوردستان ریزی لیگیرا.

لەنیوەندی شەپۆلی ریز و پیداهەلدان بەسەر کۆماری مەهاباد وشخصی قازی محەمەد وخوهەلواسین بە بارەگای خورافەی قەومپەرستیدا، ئەو شتەی کەلەپەردەی خۆلەگیلیدانیکی ئاگایانەدا بەجێ ما، ئەصلی مەسەلەی کورد ونەبوونی ریگاچارەیەکی هاوچەرخ وشارستانیانە بوو بۆ ئەم گرفتە حەلنەکراوە لەخۆرلاتی ناوەراستدا. هیچ کەس لەبەشدارانی نیو ئەم ڤیستفالە وتەنانەت هیچ کەسیك غیرەتی ئەوەی نەبوو کەخۆی لەم مەسەلەیە بدا. هیچ کەسانیك شەهامەتی ئەوەیان نەنواند کەئیعتراف بەوەبکەن کەبەدریژایی هەولّ وتیکۆشانی سەران ورابەرانی یەك لەدوای یەکی ناسیونالیزمی کورد، سەرەنجام ئەوە منصور حکمەت وکۆمۆنیزمی کریکاری بوو کەریگاچارەی ئوصولییان بۆ چارەسەرکدنی کیشەی کورد خستەروو. شەهامەتیان نەبوو ئەوە رابگەیەنن کەبەدریژایی میژوو، ناسیونالیزمی کورد وسەرانی خۆیان بوونەتە کۆسپ وتەگەرە لەبەردەم چارەسەری مەسەلەی کورددا. جورئەتیان نەکرد،چونکە باش دەزانن لەگەلّ چارەسەری ئوصولی ومەدەنیانەی مەسەلەی کورددا، بازاری ناسیونالیزم ودروستکردنی خورافەی قەوم ومیللەت پەرستی بلۆك دەبیت وریگای بژیوی دکتۆر وپرۆفیسۆر وشارەزایانی کوردناسیان بۆ هەمیشە ئەبەسریت، وەمەدرەك وبەلگەنامەکانیان بێ ئیعتباردەبن. هاوکات لەگەلّ ئەم ڤیستیڤالەدا لەشاری کرماشانی ئیرانیش کۆنگرەیەکی یەکرۆژە بۆ ئەدەبیاتی کوردی سازکرا. لەم کۆنگرەیەشدا تەئکید لەسەر "سەردەمانی کۆنی"ی کورد کرا و وەکو یەکەمین دامەزرینەری دەولەتی ماد و یەکیك لەنەتەوە رەسەنەکانی ئیران ناسینرا. باسی ئەوە کرا کەجەنگی جیهانی بووە هۆی ئەوەی کوردەکان لەسەر زەمینی دایکی خۆیان کەئیرانە، پارچەپارچە بکرین و دابرین وبەسەر دەولەتانیکی‌تردا دابەشبکرین. ووتیان ئیستا ئیتر کە بارودۆخ بۆ پەیوەندکردنەوەی کوردەکان بەسەرزەمینی دایکی خۆیانەوە کە ئیرانە فەراهەم بووە! زانا وفەرهەنگ ناسانی کوردی ئامادەبوو لەڤیستیڤالی هەولیریشدا پەیامیکی هاوشیوەیان دایەراگەیاند.

سەرمایەگوزاری کردنی جمهوری ئیسلامی ئیران لەکەنالی فەرهەنگی وتەقدیر وسوپاسگوزاری وچەمانەوەی بەردەوامی کەسانی وەکو جلال تالەبانی لەبەرامبەر دەسگیرۆییەکانی جمهوری ئیسلامی بە"مەسەلەی پیرۆزی" کورد، شوینیك بۆ شك وگومان ناهیلیتەوە سەبارەت بەوەی کەناسیونالیزم ونەتەوەچیتی کورد، لەریگەی ئەفسانە سازکردنیانەوە لەداستانە خەیالییەکانی خۆیان، وەلەوانەش قازی محەمەد، دەیان سال مەسەلەی کورد بکەنە بەردەبازی گەیشتنی دارودەستە وباند وسەرۆك تیرە وعەشیرەکان بەدەسەلات وحکومەتکردن، ئەمەش بەپشتیوانی وهاریکاریکردن لەگەلّ دەولەتانی ناوچەکە وبەتایبەت جمهوری ئیسلامی ئیران. جیگای سەرسورمان نییە کەبەرپاکەرانی ڤیستیڤالی قازی محەمەد وسەرجەمی بەشداربووانی پانیل، بەرلەوەی بیرلە ریگاچارەی مەسەلەی کورد بکەنەوە، یاخود راستتر بلیم، ئەوەی کەکیشەی کوردیان وەکو پیشفەرزیکی گریدراو لەگەلّ قازانج وبەرژەوەندی دەولەتانی ناوچەکەدا داناوە، بەدوای ئامانجیکەوە نەبوون بیجگە لەوەی یەك باوەری خوراف بەئەفسانەکانی ناسیونالیزمی کورد دابتاشن. لیرەدا کۆمەلیك هاتوون هەتا بەوەصفکردنی قازی محەمەد وەکو یەك ئیمامی ناسیونالیزم ونەتەوەپەرستی کوردی، لەجمهوری مەهاباد، ولەرۆژنامە وئاسەوارەکانی لەریگای خولقاندنی ناسنامەی کوردییەوە، "قیبلەیەك" داتاشن، مەرقەد ونەزرگاهیك ئەندازیاری بکەن وجیگایەك بۆ فریشتەیەکی سەروسروشت ورەمزیك بۆ تەسلیمبوون ولەخۆبیگانەیی بۆ هەر "کورد"یك بخولقینن. ریك هەروەکو چۆن ئیمامی چوار مەزهەب و12 مەزهەب ومەرقەد وزەریحی ئیمام ومەشایەخەکانیان درەستکردووە بۆهەر کەسێ کەخۆی بە"موسولمان" ئەزانێ وەیا بەموسولمانی دائەنێن، تا سالانیکی زۆر زەینی پی خورافی بکەن، تا فەرشیك بۆ "حەوزەی علمیە" و ریگوزەریك بۆ خوراك پیدان بە سوپای مشەخۆرانی"مەرجەعی تەقلید"، لەسەرشانی شوین و رەنج و ژیانی"پیرەوان" ی لقە مەزهەبی‌یەکان دابخەن و سازی‌بکەن.

لەم پەرستگایەدا ولەملاولای هەرباس و گوفتاریکی "رۆشنبیران"ی بەشداربوودا، هەرجاریك بەدوای پیرۆزکردن وپیداهەلدان بەسەر قازی محمددا، هیرش وپەلاماریك بۆسەر "ناحەزانی کورد" بەریدەخری. بەلام ناحەزان جگەلەو کەسانە کین کەدەلین هەویەتی ئینسانی و هاولاتییبوون، نەك هەویەتی خورافی قەومی و نەتەوەیی، سەرچاوەی گەرانەوەیە بۆ چارەسەری هەر مەسەلەیەکی کومەلایەتی!. راستییەکەی رووودی دەمی ئەمانە لەکەسانیك بوو کە پیییان وایە بۆ چارەسەری هەر گرفت و هەر کیشەیەکی کۆمەلایەتی وەك کیشەی کورد پیویستە ریگاچارە بخریتەروو نەك خورافەی لی هەلبیەستری. جیگای سەرسورمان نییە کە تەرحی خواستی سەربەخۆیی کوردستان پیش هەر کەس وپیش لەهەر شتیك لەگەل قین لەدلی ونەفرەتی سەرانی ئەحزابی کوردایەتی، وهیرش وپەلاماری چەکدارانەیان بۆسەر کۆمۆنیستە کریکارییەکان بەرەو رووببیتەوە. سەیرو سەمەرە نییە کەهەر لەم کوردستانی عیراقەدا، ریکخراویی زەحمەتکیشان( ریکخراویك کەبەناوی کۆمەلەی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیرانەوە لەلایەن عبداللەی مهتەدییەوە دروستکراوە– وەرگیر) ئەم میوانە هیچ لەبارەنەبووە، بەلام قەومپەرستە، دەبیتە خاون مال و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش دەبیتە بیگانە وئەکەویتە بەردەم گەمارۆدان وهیرشی تەبلیغاتی ژەهراوییەوە!.

شارەزایانی کورد لەدارشتنی بناغەی مەزارگە وکەعبەی خورافاتی ناسیونالیستی وقەومپەرستانەدا راستەوخۆ شەریکن، ووەك بەشیکی "منەووەر"و بەئاگا ئەرکی پیکهینانی بەربەست وریگری سازکردنیان لە سەر ریگای چارەسەری واقعی کیشەی کورددا لەئەستۆگرتووە.

ڤیستیڤالی قازی محەمەد لەهەولیر بەشیکبوو لەئەندازیاریکردنی بیروباوەر و تاودانەوەی مەسەلەی کورد وبردنی تاسەر ئاستی خورافەیەکی ئەزەلی ونیمچەمەزهەبی، وهەولیك بوو لەراستای دانانی خورافە قەومی ونەتەوەییەکان لەجیگای هەویەی جیهانداگری ئینسان ومافە مەدەنییەکانی هاوولاتیانی کوردزباندا. ئەگەر ئیستاش بیگرفت ئەتوانری باس لەجیاکردنەی دین لەدەولەت وپەروەردە وفیرکردن بکریت، جیگای خۆیەتی کەخواست وئالای مافی مەدەنی وهاوولاتیبوونی ئینسانەکان، وەلەوانەش هاوولاتیانی کوردزبان و رزگاربوونیان لەهەویەی خورافی قەومی و نەتەوەیی بەرزبکریتەوە.

---

*– وەرگیردراو لە بلاوکراوەی (اکتبر)ژمارە 24، بلاوکراوەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری–حیکمەتیست.